## پەیامی "کۆمیتەی پێکهێنەرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان"
## بە بۆنەی 10 ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

### ڕێگای قازی، ئیسحاقی، قاسملوو، شەرەفکەندی و باقی شەهیدان درێژەی هەیە!

بەرەبەیانی 10 ی خاکەلێوەی ساڵی 1326 ی هەتاوی لە چوارچرای مهاباد سەرەککۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد، وەزیری جەنگ محەممەد حسێن خانی سەیفی قازی و نوێنەری خەڵکی مهاباد لە مەجلیسی ئێران ئەبولقاسم ی سەدری قازی، بە فەرمانی ڕێژیمی شایەتیی ئێران لە سێدارە دران. بێجگە لەو ڕێبەرانە لە باقی شوێنەکانی کوردستان بۆ وێنە لە بۆکان و لە ناوچەی سەقز چەند کەس لە تێکۆشەرانی بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی (شێرزاد) شەهید کران. ئەفسەرانی بەشدار لە کۆمار دا، خۆشناو، قودسی و عیززەت، کە لە کوردستانی ئەو دیوەوە هاتبوونە مهاباد دوای گەڕانەوەیان بە دەست حاکمانی ئەو کاتی عێراق شەهید کران.

ئەم کاروانە لە تێکۆشان نەوەستا و بە فەرمووده بەرزەکەی پێشەوا لە پای سێدارە کە فەرمووی "دوای من هەر کوردێک قازی محەممەدێکە"، ڕۆڵەکانی ئەو ئاو و خاکە ئاڵای دەستی پێشەوایان بەرز ڕاگرت و درێژەیان بە ڕێبازی دا. سەید عەبدوڵلا ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق سکرتێری هەڵبژێردراوی دووهەم کۆنگرەی حیزبی دێموکڕات دوای ساڵها تێکۆشان و خەبات سەرەنجام لە ئاوارەیی و بێدەرەتانی لە زیندانەکانی ڕێژیمی بەعسی عێراق دا، لە ژێر ئەشکەنجە گیانی لە دەست دا؛ و جەللادەکان تەرمەکەیان بێسەر و شوێن کرد. مامۆستا هێمن لە شینی تێکۆشەرانی شەهید دا فرمێسک دەڕێژێ و دەڵێ:

بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لە نێو خوێن دەگریم    بۆ هەواڵێکی کە چوو بێسەر و بێشوێن دەگریم
بۆ هەموو پیر و جوانێکی لە سەر کوردستان    چوونە بن دارێ بە بێوەی کە بشلوێن دەگریم

هاوکات و پێش ئەو کاتەش لە ساڵەکانی 1346 و 47 ی هەتاوی لە چیاکانی کوردستان و لە زیندانەکاندا قارەمانانی وەک شەریفزادە، موعینییەکان، مەلائاوارە، لاجانی، ویردییەکان، نحۆ و بە سەدان ئەندامی حیزبی دێموکڕات هەر بەو ڕێبازە دا ڕۆیشتن و سەریان نایەوە.

Website: http://pekhenerewe.googlepages.com
Email: pekhenerewe@gmail.com
Fax: 001 509 753 1958

به دوای هاتنه سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەزاران کەس لە خەباتکارانی ئەو ڕێگایە لە " قەسر"ەوە تا ماکۆ و لە ئیلام ـەوە تا ئاراس گیانیان بەخت کرد و چوونە نێو کاروانی شەهیدان. لە درێژەی هەوڵ و تێکۆشان بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلی کوردستان دوکتور عبدالرحمن قاسملو سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە پیلانێکی نامرۆڤانە لە ڤیەنی پێتەختی ئۆتریش تیرۆر کرا، چەند ساڵێک دواتر لە ساڵی 1992 دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ئاڵمان تیرۆر کرا.

حیزبی دێموکرات لە درێژەی 61 ساڵ تێکۆشان و پێش ئەویش لە ماوەی سێ ساڵەی کۆمەڵەی ژ. ک. دا هەموو دەم ئامادەی دانی قوربانی بووە لە پێناوی مافەکانی خەڵکی کوردستان دا. لە پارتەکان و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەستە دەستە دڵسۆزان و شۆڕشگێڕانی گەلەکەمان بە دوای ئەو ڕێ و ڕێبازە دا دەڕۆن کە قازی، شێخ مەحموودی حەفید، شێخ عەبدولسەلامی بارزان، شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینان، شێخ سەعیدی پیران، سەید ڕەزای دێرسیم، سمکۆی شکاک، شێخ مەعشوق خەزنەوی و باقی پێشڕەوانی قوتابخانەی کوردایەتی پێیدا ڕۆیشتن و بۆی شەهید بوون.

لە ڕۆژی 10 ی خاکەلێوەی ئەمساڵیش دا پەیمان لە گەڵ شەهیدان نوێ دەکەینەوە کە هەتا سەر ڕێبواری ڕێگایان بین و بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانیان لە خەبات نەوەستین.

کومیتەی پێکهێنەرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

9 ی خاکەلێوەی 1386 ی هەتاوی
29 ی مارسی 2007 ی زایینی

Website: http://pekhenerewe.googlepages.com
Email: pekhenerewe@gmail.com
Fax: 001 509 753 1958